# **هەر** قرضاوي **مابوو بەرێك باوێتە مزگەوتی سۆزی کوردانەوە**


## محەمەدی مشیر

Muhammad_mushir@yahoo.com


بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ لەم چەند رۆژەی رابردوودا زانای ئیسلامی بەرەگەزمیسری( **یوسف القرضاوي**) لە وتارێکیدا سەبارەت بە باری ئاڵۆزی ئێستای عێراق و تەشەنەکردنی شەڕی تایفەیی نێوان سوننە و شیعە داوای لە سەرکردایەتی سیاسی کورد کردووە کە" **ناوبژی لە نێوان سوننە و شیعەکاندا بکا لە عێراق و، ئەگەر بۆشی دەرکەوت هەر لایەکیان خەتابارە لەم شەڕەدا ئەوا لایەنگری لایەنە ئاشتی خوازەکە بکات لەدژی لایەنە شەڕکەرەکەدا و... هەر لایەنێکیش بە قسەی کوردانی نەکرد من فەتوادەدەم بە هەموو لایەك لێی بدرێت و، خەڵکیش دەزانێ برایانی سوننە ئێستا لە عێراقدا زۆڵمیان لێدەکرێ**".

ئەم لێدوانەی قەرزاوی لەم ئەگەرانەی خوارەوە زیاتر بە خۆیەوە هەڵناگرێت:

1- هەر لە مزگەوتی خانەقاوە بگرە تا بەردەرکی ئەزهەر بۆنی فیتنە و فیتنەگەری پێوە دیارە.

2- وادیارە قەرزاوی بە دۆخی ناسکی کورد لە عێراقدا ئاگادار نییە و هێشتا نەیزانیوە کە کورد دەمێکە لەم عێراقە تازەیەدا، کە هێشتا زۆرینەی سوننە و شیعە تێیدا کۆسپ دەخەنە بەردەم مافە رەواکانی کورد و لە دابینکردنی ئەو مافانەدا خۆدەدزنەوە، هەر لە سەرەتاوە ئەم رۆڵەی بە زیادەوە بینیووە، بەلاّم لاساری و رقی ئەستووری نێوان هەردوو لا هێندە کۆن و هەلاّوساون بە جۆرێ بەرچاوی گرتوون و لە تۆڵەسەندنەوە بەو لاوە هیچی دیکە نەبینن و نەتوانن برایانە لە سەر بنەمای هاووڵاتیبوونی دیموکراسیانەداو دوور لە شەڕی مەزهەبی لە تەك یەکدا عێراقی کاولبوو بنیات بنێنەوەو ئارامی باڵی بەسەر گەلانی ستەملێکراوی عێراقدا بکێشێ.

3- قەرزاوی باش دەزانێ زۆرینەی کورد لە عێراقدا سوننە مەزهەبن بۆیە نیازیەتی بەم قسانە سۆزی کوردان ببزوێنێ و بمانکا بەلایەنێکی ئەم شەڕە کاولکارەی بەشی ناوەڕاست و باشووری عێراقی خەڵتانی خوێنی دەیان هەزار کەسی بێگوناه کردووە و رۆژانە سەدان خێزان ئاوارەو سەرگەردان دەکات.

لەم ئەگەرانە بترازێ هیچ ئەگەرێکی دیکە و نیازپاکی لەم داوایەی قەرزاویدا نابینمەوە و کورد گوتەنی " فیتەی حەرامزادە لە دووررا دیارە"، ئەگەر نا لەم دۆخە ناسکەدا کە کورد خەریکە بە دوای دەستەبەرکردنی هەرچی زیاتری مافەکانی خۆیەتی، بۆ دەبێ ئەم بیرۆکەیە لەم بارە ئاڵۆزەدا بە هزری قەرزاویدا بێت و داوامان لێبکات کارێکی وابکەین، لە کاتێکدا قەرزاوی و ئەمسالی قەرزاوی چاك دەزانن کۆمەڵێك رژێمی سوننی مەزهەب و شیعی مەزهەبی ناوچەکە رۆڵێکی بالاّیان هەیە لە خۆشترکردنی ئاگری ئەم شەڕە کاولکارە ماڵوێرانکارەداو بە ئاشکراو راشکاوانەش بەرپرسانی ئەو ولاّتانە لە میدیاکاندا کەڵپە تیژەکانیان بە خەڵکی عێراق نیشانداوە. بۆ دەبێ مسیۆ قەرزاوی، کە تا دوێنێ کوردی بە عەمیلی ئیسرائیل و ئاژاوەگێڕ و داردەستی ئەمریکا ل ناوچەکەدا لە قەڵەم دەدا، ئەمرۆکە بە دۆستی بزانێ و داوای ریش شپیاتی لێبکات؟

کورد هێچ کاتێك لە ناوبژیکردنەکانیدا رێگەی بە خۆی نەداوە ئەوە بکات کە قەرزاوی ئەمرۆ داوای لێدەکات، باشە ئەگەر بەقسەی ئەو کورد بڕیاربدا و لایەنە تاوانبارەکە دەستنیشان بکات دەبێ چی بقەومێت؟

کورد بە درێژایی مێژووی خۆی گەلێ جاران خۆبەخشانە ئەم رۆڵەی بینیوە بێئەوەی کەسێکی وەك مسیۆ داوای لێبکات، بەلاّم هەرگیز ئەوەی دەرحەق نەکراوە تەنانەت ئەگەر خۆشی خواستبێتی کە جیهانی ئیسلام و عەرەب بەرامبەر بەو زوڵم و ستەمەی تووشی هاتووە وەدەنگ بێن و داکۆکی لە مافە رەواکانی بکەن. قەرزاوی، وەك زانایەکی ئایینی، لە کوێ بوو تا ئەو رۆڵە دەرحەق بە کورد ببینێ کە ئەمرۆکە خۆی لە کوردی دەوێت، کاتێك هەموو جیهانی سوننە مەزهەبی عەرەب بە

**دیار فیلمی قڕانی کوردەوە فاتیحای بەقڕان هێنانی کوفاریان لێدەداو لە بەرامبەر رژێمە شۆڤینستەکەی سەدام ورتەیان لێوە نەدەهات ؟؟**

**کورد وەك گەلێکی ستەملێکراو هەمیشە بەدوای پەناگەیەکی ئارام و ئاشتیدا بووە و هیچ کاتێك لە گەڵ ئەوەدانەبووە و ناشبێ کە بە دیار چاوانییەوە خەڵکی بێتاوان بە ئاگری شەڕی تایفەیی بسووتێن، بەڵام هەر شتێکیش سنووری خۆی هەیە، ئەوەی ئەمڕۆکە قەرزاوی لە کوردی دەخوازێت باشتر وایە پێشتر لە گەلانی موسڵمانی سوننە مەزهەبی عەرەبی بخوازێت کە فشاربخەنە سەر رژێمەکانیان تا چیتر دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەرنەدەن و، ئاوێك بەو ئاگرە دابکەن کە تەشەنەکردنی نەك هەر سوننە و شیعەکانی عێراق، بەڵکو هەموو وڵاتانی ناوچەکەش دەگرێتەوە.**

**قەرزاوی قەت لە خۆی پرسیوە ئەنجامی ئەم داوایەی کورد بەرەو کوێ دەبات؟ ئایا رۆژێك لە رۆژان بە خەیاڵی داهاتووە کە بپرسێ بۆچی بەشی هەرە زۆری ئاخوندەکانی جیهانی عەرەب، تەنانەت خۆشی لە گەڵ ئەواندا، زۆر ئاسایی قەبووڵیانە خودان پتر لە بیست دەوڵەت بن، بەڵام گەلێکی 50 ملیۆنی وەك کورد تا ئێستاش ئەو مافەی نەبێت؟ ئەو ئەگەر دەیەوێ کارێکی ئاوا لە کورد داوابکات، سەرەتا پێویستە ئەوە بزانێ کە سەردەم سەردەمی سەلاحەدین نییە و داواکاریشی گەر هەبێ بە عەقڵە قوربان خۆ بە سۆز نییە!!**